بسم الله الرحمن الرحيم

پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( ١ ) :


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | گرنگی پێدانی سەروەرمان بە زانست وەکو بەرجەستەکردنی ... | سەرنووسەر |
| ٢ | گرنگی تاکی لاو ........................................ | بیلال جەلال.سلێمانی.پ . فیزیا |
| ٣ | ساتی دابڕانی خۆشەویست ....................................... | م . بشتیوان محمد.عربی |
| ٤ | سودی دەستنویژ لە ڕوانگەی زانستەوە ........................ | حیدر عدنان.صلاح الدین پ .ددان |
| ٦ | پاداشتی چاکەکاران ........................................ | م . عثمان أحمد.بیرکاری |
| ٧ | گرنگی کرنووش بردن لە زانستی نوێ دا ........................ | ی.پزیشك : هیمن |
| ٧ | فێرخوازی بە ئامانج ........................................ | م . بیستون : شەریعەی سلیمانی |
| ٨ | ڕێگەم بدە زینا بکەم ........................................ | م . هاوار عبدالله.کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | بۆ هەموو مروارییە خۆپارێزەکان ................................. | م . عدنان بارام.عربی |
| ١٢ | میراتی ئافرەتان لە ئیسلامدا.................................. | إدریس محمود.سلیمانی.ك.یاسا |
| ١٤ | کۆرپەلەزانی( لە ژێر ڕوناکی قورئان وسوننەت ) ................. | کاروان باقی.سلیمانی.پ.عربی |
| ١٥ | چۆنێتی دەستنوێژ .......................................... | زانست |
| ١٦ | Why Imam 'Umar (رضي الله عنه) asks the child ? ............... | م . رزگار محمد.E |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، ئەوانەش :
١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .

.................................................................


**Zanest119@gmail.com**

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :
: **www.ba8.org** بکە .



سەرنووسەر :
عدنان بارام قادر

دەستەی نووسەران :
هاوار عبدالله محمود
رزگار محمد کریم
فـــلاح حسن
علي محـــمـد علي


تێبینی : بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە ژمارە یەکی بڵاوکراوەکەتان دواکەوت ، بۆیە بمانبوورن .

## گرنگی پێدانی سەروەرمان بە زانست وەکو بەرجەستەکردنی ڕاستیەکانی قورئان

گرنگی پێدانی سرووش و نیگای خواوەندی بە زانست و زانایان شتێکی بەڵگە نەویستە ، باسکردنی ئەوەی کە یەکەم ئایەتی قورئان باس لە هۆکاری بەدەست هێنانی زانست دەکات ، وباسی ئەوەی کە پەروەردگاری جهانیان بە ئامێری فێربوونی زانست کە ( پێنووس ) ە ، سوێندی خواردووە ، وە ئەوەی کە زانایان بەرزترین توێژ وچینی کۆمەڵگان لە ڕوی لەخواترسانەوە ، وئەوەش کە خاوەن زانست وزانایان وەکو کەسانی تر نین وپلە ومەنزیلەتیان لەوانی تر بەرزتر وبڵندترە ، تا ئەو ئاستەی کە گەواهیان لەگەڵ گەواهی پەروەردگار وفریشتەکانی دابنرێت . لە سەر تاك و تەنهایی پەروەردگار . بەهۆی ئەو زانستەی کە هەڵیانگرتووە ... هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن .

لەو لاشەوە بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەم ڕاستیە دەبینین کە پێغەمبەری ئازیز ورەحمەتی نێردراو ﷺ بۆ مرۆڤایەتی بە نوور و ڕەحمەتی خواوەندی لە ژیانی ڕۆژانەیدا ولە ڕووداوێکدا ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە ، ئەوەش لەوەی کە بۆ ئازادکردنی زۆرێك لە دیلی بێباوەڕان لە جەنگی بەدری مەزندا ئەوەی بە مەرج لە سەرگرتن کە ئەوەیان بتوانێت چەند نەوەیەك لە نەوەی موسڵمانان فێری خوێندن و خوێندنەوە بکات ئازاد دەکرێت ... ئەو هەڵوێستەش بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەوای گرنگی زانستە لە ژیانی ئەم ئوممەتە و هەموو ئوممەتانی تردا .

سەرنووسەر

## گەورەیی تاکی لاو

تاکی لاو تاکی بەخشینی ژیانە ، تاکی درووێنی ئەنجامە ، تاکی هیوا و خەندە وسەبەینانی پرشنگدارە ، تاکە کەرەستەی بونیادی کۆمەڵگایەکی پڕ ویژدانە ، تروسکەی شادی ئایندە و دێڕی پەڕەنووسراوەکانی مێژوویەکی شکۆدارە ، هەر ئەم تاکەیە مێژووی دین و خاك و کۆمەڵگا و نیشتمانی پێوە جوان و پرشنگدارە ، وە چەسپێنەری ئەمڕۆ و هێزی هەنوکە و تۆکمەیی ئایندەیە ، هۆی سەربەرزی ڕۆڵەکانی دوای خۆیی و نەوەکانی پاشەرۆژە ، تاکێکە کە سەرچاوەی داواکاری و قوڵایی ئاسۆ و شوێنگای تاقیکردنەوە و نارەحەتی و ناسۆرییەکانە ، تاکی قوربانی و فەداکاریە ، تاکی چاکی و کارکردنە ، تاکی تازەگەری و نوێ کاری و دروست کردنە ، ئازیزان ئەم وتانە تەنها قسەی زەق و وروژێنەر نین بەڵکو مەبەست پیشاندانی ڕاستی گەورەیی و گرنگی تەمەنی لاوێتی یە ... هەر ئەمانەشە کە کۆمەڵگا و مێژوو ئەیانەوێ لاوی بە ئامانج لە خۆی دا بەرجەستەی بکات ... لەسەر گرنگی تۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : " اغتنم خمسا قبل خمس ... ، شبابك قبل هرمك " واتەی : لەو پێنج شتە گرنگەدا ، تەمەنی لاویت بەکاربهێنە پێش ئەوەی پیری بەرۆکت بگرێ ... چەند جوانە بزانین گەورەیی خۆمان لە گەورەکارەکاندا بەرێ بکەین ... چەند قورسە لەنێو پەڕکانی مێژوودا ، لە هێنانە کایەوەی نەتەوەیەکی زیندوودا ، نەك وا تێگەیشتبین کە تەمەنی ڕابواردن وکات کوشتن

وبێ ئامانجی وبێ هیوایی وبێ که‌ڵکی وبێ نرخی وکه‌م کاری وسستی وپه‌ستی ونه‌نگی وبه‌ڕه‌ڵایییه ... به‌ڵکو نمونه‌ی لاو ، به‌رزی ڕه‌وشت وعه‌قل وعیرفان وزانست وپێشڤه‌چوون وگه‌وره‌وگرانی وئارامگری ولێبوورده‌یی وکاربه‌رده‌وامی وجوڵه‌به‌سوپاسی وگفت پاراوی ونیگا چاکی وسه‌نگینی ودڵسۆزیه ... به‌ڵێ ئه‌وه‌یه ئه‌رکی گه‌نجی هۆشیار وبه‌کۆشش وتوانا ، که له‌م گه‌نجینه‌ی ته‌مه‌نه‌یدا هیچ نه‌کات جگه له چاکی وپاکی وباشی وسود داری وهه‌ڵوێستی جوان داری ، وه پشتگیری کردن له‌هه‌ق وبه‌ندایه‌تی ڕاسته‌قینه وخواناسی وڕێگری وبه‌ئاگایی له خراپه وگه‌نده‌ڵی کۆمه‌ڵگا وفه‌رمانکردن به چاکه‌کاری وخێرکردن وبانگه‌واز بۆ ڕاسته ڕێگای ئیسلام .

بیلال جلال : سلێمانی . پ . فیزیا

## ساتی دابڕانی خۆشه‌ویست له‌خۆشه‌ویسته‌که‌ی زه‌یدی کوڕی حارث

پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ئه‌م هاوه‌ڵه‌ی زۆر خۆشویستووه ته‌نانه‌ت ده‌رباره‌ی فه‌رموویه‌تی : تۆ له‌منی و پاڵپشتی منی ، وه‌خۆشه‌ویسترین که‌سی منی ، ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه به‌به‌رده‌وامی ژیانی له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا ﷺ بردۆته سه‌ر بۆئه‌وه‌ی له‌کانیاوی سازگاری خۆشه‌ویسته‌که‌ی هه‌ڵگۆزێ له ( ڕاست و ڕه‌وشت و به‌ندایه‌تی و ...) به‌ڵام ژیان تاکو سه‌ر بوار نادات ... ڕۆژ به‌ڕۆژ مردن هه‌نگاوی هه‌ڵده‌گرت بۆ ترازان ولێك جیابوونه‌وی خۆشه‌ویست له خۆشه‌ویسته‌که‌ی چونکه مردن له ناوبه‌ری خۆشیه‌کانه و جیاکه‌ره‌وه‌ی کۆمه‌ڵه‌کانه له‌ساڵی هه‌شته‌مدا له‌ڕووداوی جه‌نگی ( مؤتة ) که ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌ی تێدا شه‌هیدبوو دوای ژیانێکی پڕ له‌تێکۆشان ، له پێغه‌مبه‌ره نازداره‌که‌ی ﷺ ماڵئاوایی کرد له ( عروه‌ی کوڕی زه‌یده‌وه ) فه‌رموویه‌تی : سوپایه‌کی نارد بۆ (مؤتة) له‌ساڵی هه‌شته‌مدا له مانگی ( جه‌مادی یه‌که‌م ) دا وه‌زه‌یدی کوڕی حارث ی کرده پێشه‌نگی ئه‌م سوپایه پاشان پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی : ئه‌گه‌ر زه‌ید کوژرا با ( جه‌عفه‌ر ی کوڕی ئه‌بی تالیب ) ببێت به‌جێگری ئه‌گه‌ر ئه‌ویش کوژرا با ( عبدالله‌ی کوڕی ڕه‌واحه ) ببێته جێگری ، بۆیه سوپاکه خۆیان ڕێك خست و ئاماده باش بوون بۆ ده‌رچوون که ژماره‌یان ده‌گه‌شته ٣٠٠٠ که‌س له‌کاتی به‌ڕێکه‌وتنی سوپادا خه‌ڵکی ماڵئاواییان له هاوه‌ڵه‌کان ده‌کرد به‌تایبه‌تی ئه‌م سێ هاوه‌ڵه به‌ڕێزه ( زه‌ید و جه‌عفه‌ر و عبدالله ) له‌م چرکه ساتی ماڵئاواییه‌دا هاوه‌ڵی پایه به‌رز ( عبدالله ی کوڕی ڕه‌واحه ) ده‌ستی کرد به‌گریان لێیان پرسی بۆ ده‌گریت ؟ ئه‌ویش فه‌رمووی : سوێند به‌خوا نه بۆ خۆشی دونیا و نه بۆ ژیانی لاوێتیم ده‌گریم به‌ڵکو گوێم له‌م ئایه‌ته بووه کاتێك پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌یخوێنده‌وه و باسی دۆزه‌خی تێدایه که په‌روه‌ردگار ئه‌فه‌رموێت : ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴾ ( سورة مريم : ٧١ ) واته : منیش نازانم ئه‌بێت حاڵم چۆن بێت دوای تێپه‌ڕبوون به‌سه‌ر دۆزه‌خدا .

م . بشتيوان محمد.عربی

## سودی دەستنویژ لە ڕوانگەی زانستەوە

دەستنوێژ هەڵگرتن باشترین پارێزگاریە لە نەخۆشیەکانی پێست ، بابەیەکەوە سەرنجێك بدەین بە سودەکانی دەستنوێژ لە ڕوانگەی زانستەوە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " من توضأ فأحسن الوضوء خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من تحت أظفاره " ( رواه مسلم ) وە فەرموویەتی : " إن أمتي يدعون يوم القيامة غرّا محجلين من آثار الوضوء فمن استطاع منكم أن يطيل غرته فليفعل " ( متفق عليه ) ، زانستی سەردەم پاش پشکنین و وردبینی لە مۆڵگەی میکرۆبیەکان بۆ ئەوکەسانەی کە دەستنوێژەکانیان بە ڕێك وپێکی یان بە ناڕێك ئەنجام دەدەن دەیسەلمێنیٚ کە ئەوانەی بەشێوەیەکی بەردەوام دەستنوێژ هەڵدەگرن زۆرینەیان لوتیان پاك وخاوینە و دوورە لە میکرۆب ، لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەست نوێژ هەڵناگرن دەری خستوە کە ناو لوتیان پڕە لە جۆری جیاواز و ڕێژەی زۆر لە بەکتریای گۆیی هێشویی کە بەشێوەیەکی خێرا بڵاو دەبێتەوە ، وە بەکتریای چیلکەیی دەبێتە هۆی جۆرەها نەخۆشی . وە دەرکەوتوە ژەهراوی بونی خودی کە ڕودەدات بەهۆی گەشەکردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان لە ناوپۆشی لووت کە لەوێوە دەگوازرێتەوە بۆ گەدە و ڕیخۆڵەکان و ڕودانی هەوکردن و نەخۆشی جۆراوجۆر بەتایبەتی کە دەجێتە سوڕی خوێنەوە. لەبەر ئەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دایناوە کە ئاو لە لووت وەردان سیٚ جار بەشێوەیەکی دووبارە لەهەموو دەستنوێژێك ئەنجام بدریٚ . بەڵام دەربارەی ئاو لە دەم وەردان سەلمێنراوە کە دەم و گەروو دەپارێزێت لە هەو کردن بەتایبەتی لە هەوکردنی کێماوی لە پدودا . هەروەها ئاو لە دەم وەرکردن دەبێتە هۆی پاراستنی ددانەکان لە کون بون بە لابردنی ئەو پاشماوە خۆراکیانەی کە لە ناو ددانەدا دەمێنێتەوە . وە سەلمێنراوە ٪۹۰ ی ئەوانەی ددانەکانیان لە دەست دەدەن ئەگەر گرنگیان بە پاك کردنەوەی دەمیان بدایە ئەوا دوور دەبون لە زوو لە دەست دانی ددانەکانیان . هەروەها مادەی کلسی و بۆگەن کە لەگەل لیك و مادده خۆراکیەکان گەدە دەیمژێت و پاشان دە گوازرێتەوە بۆ ناو خوێن وە لەوێشەوە بۆ هەموو ئەندامەکان ودەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی وە ئاو لە دەم وەرکردن دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ماسولکە کانی دەم وچاو شێوەیەکی بازنەیی پیٚ دەبەخشیٚ ، ئەم ڕاهێنانە زۆربەی مامۆستا وەرزشیەکان ئاماژەیان پیٚ نە کردوە تەنها کەمێکیان نەبێت بەهۆی زیاتر گرنگی دانیان بە ماسولکە گەورەکان لە لەشدا . وە شوشتنی دەم وچاو و دەستەکان تا ئانیشك وە شوشتنی پیٚ یەکان سودی هەیە بۆ لابردنی تۆز و ئەو میکرۆبانەی لە گەڵیدایە سەرەڕای پاك بوونەوەی پێستی دەم و چاو لە مادەی چەوری کە ڕژێنی پێست دەری دەدات وە لابردنی ئارەقە . وە زانست دەری خستوە کە میکرۆبەکان هێرش نابەنە سەر پێستی مرۆڤ مەگەر پاکوخاوێن ڕاگرتنیان پشت گویٚ بخرێت . ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامەکانی لەشی نەشوات ئەوا دەردراوە جۆرا وجۆرەکانی پێست لە چەوری و

ئارەقە کەڵەکە دەبێت لەسەر چینی سەرووی پێست کە دە بێتە هۆی خورانێکی زۆر ، وە ئەم خورانە بەهۆی نینۆکەکان کە زۆربەی جار خاوێن نین دەبێتە هۆی چونەژوورەوەی میکرۆبەکان بۆ ناو پێست . وە ئەم دەردراوە کەڵەکەبوانە ڕێ خۆشکەرێکە بۆ زۆربون و گەشەسەندنی بەکتریا . لە بەر ئەوە دەستنوێژ شوشتن بە مەرجەکانیەوە بەپێش زانستی بەکتریۆلۆجیای سەردەم کەوتووە ئەو زانایانەی کەپشتیان بە وردبین بەستوە بۆ دۆزینەوەی بەکتریا وکەڕوەکان کەهێرش دەبەنە سەر پێست کە لەوکەسانەی گرنگی بە پاك و خاوێنی نادەن کە لە دەستنوێژ شوشتندا هەیە . توێژینەوە زانستیەکان چەندەها ڕاستیان دەرخستوە کە پێستی دەستەکان چەندەها میکرۆبیان هەڵگرتوە کە دەگوازرێتەوە بۆ دەم یان لووت لەکاتی نە شوشتنیان ، کەواتە لە سەرەتای دەستنوێژ شوشتن پێویستە دەستەکان بەباشی بشۆردرێن . ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لێ بیت بۆمان ڕون دەکاتەوە کە دەفەرموێت : " إذا استيقظ أحدكم من نومه ، فلا يغمس يده في الإناء حتى يغسلها ثلاثا " . هەروەها دەرکەوتوە کە سوڕی خوێن لە تەنیشتی سەروی دەست و باسکەکان وە لە تەنیشتی ژێرەوەی پێ یەکان و قاچ لاوازترە لە ئەندامەکانی تر بەهۆی دووریان لە دڵ . کەواتە شوشتن و تەڕکردن سوری خوین لەو شوێنانە بە هێز دەکات ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی چالاکی لەش . لێرەدا ئیعجازی زانستی لە چۆنیەتی دەستنوێژ شوشتن لە ئیسلامدا دەردەکەوێت . دکتۆر أحمد شوقی کە ئەندامی کۆمەڵەی پزیشکیی مەلەکی یە لە لەندەن وە ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی هەناوو دڵە دەڵێت : ( زاناکان گەیشتون بەوەی کاتێك کە تیشکی خۆر بەو ئاوە دەکەوێت لەکاتی دەستنوێژ شوشتندا دەبێتە هۆی دەرچونی تیشکی سالیب وکەم بونەوەی ئایۆنی موجەب کە ئەمەش دەبێتە هۆی حەسانەوەی مێشك وماسولکەکان بەمەش لەش ڕزگاری دەبێت لە بەرزبونەوەی پەستانی خوێن وئازارە ماسولکەیی یەکان ودیاردەی دڵە ڕاوکێ و شەونخونی . ئەمەش یەکێك لە زانا ئەمەریکیەکان دوپات دەکاتەوە کە ئاو هێزێکی چاکی هەیە بەڵکو پێداکردنی ئاو بە دەم وچا و دەستەکان . مەبەستی دەستنوێژ شوشتنە . باشترین ڕێگەیە بۆ لابردنی دڵە ڕاوکێ .

حیدر عدنان .صلاح الدين .ك.ددان

## هۆنراوە و دانایی

شێر لە دارستان ، لەبرسانا مرد<br>
سەگ گۆشتی مەڕی بە فیزەوە برد<br>
ئاوریشم بووە ، پێخەفی کۆیلە<br>
خانە دارانیش خەوگەی خۆڵی برد<br>
وەفای دونیایە بۆ ڕۆڵەکانی<br>
ڕاکە وا مردوو بەشی زیندوی برد<br>
هەوڵ و تەقالا بێ سود مەبینە<br>
هاکا بۆ گڵ بوی ، تۆی بەمیرات برد

## پاداشتی چاکەکاران

زاست خوازە بەڕێزەکان : هەندێك جار خوای مەزن پاداشتی چاکەکاران لەدونیا دەداتەوە و دڵخۆش و خۆشحاڵیان دەکات ، وە یەکێك لەو کارانەی کە زۆر ئاسانە و پاداشتی گەورەیە لەوانەشە هەر لەدونیا پێش دواڕۆژ پاداشتی بدرێتەوە بەردەوام بوونە لەسەر زیکر و یادی خودا وەك دەفەرموێت : ﴿وَقَالَ رَبُّكم ادعُونِي أَستَجِب لَكُم﴾ ( سورة غافر :٦٠) ، واتە : پەروەردگارتان پێتان ئەفەرموێت لێم بپارێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە ، وە ابو هريره ﷺ لەپێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە : " يستجاب لأحدكم ما لم يعجل يقول دعوت فلم يستجب لي " ( رواه البخاري ومسلم ) واتە : وەڵامی کەسێك لە ئێوە دەدرێتەوە بەمەرجێك پەلە نەکات بڵێت پاڕامەوە و وەڵام نەدرامەوە ، بۆ زیاتر ڕوون بونەوەی ئەو باسە فەرموون باپێکەوە ئەم بەسەرهاتە واقعیە بەسەر بکەینەوە :

جارێك ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئیمامی ئەهلی سوننە بەڕەحمەت بێت لە شاری بەغدادەوە سەفەری شارێکی تر دەکات کە شەو دادێت هیچ پەناو جێگایەکی نابێت و کەسیش نایناسێت ناچار دەچێتە مزگەوت دوایی نوێژی شێوان بەنیاز دەبێت لەوێ بمێنێتەوە خادەمی مزگەوتەکە بەتوڕەیەوە پێیگووت : قەدەغەیە لێرە بمێنیتەوە ئەویش ڕۆیشتە بەردەرگای مزگەوتەکە لەدەرەوە دانیشت خادەمەکە دیسان ڕۆیشت لێی توڕەبوو لاقی ڕاکێشا تابردیە ناوەڕاستی گوزەرەکە ، خاوەن دوکانی نانەوایەك کە بەرامبەر مزگەوتەکە بوو لە ئیمام چووە پێش بێ ئەوەی بیناسێت پێیگووت ئەی شێخ وەرە ئەم شەو لە دوکانەکەی من بەسەربەرە تابەیانی ، ئیمامیش ڕۆیشتە دوکانەکەی دیتی کابرای نانەوا بەشێوەیەکی زۆر تایبەت و خۆش و بەردەوام یاد و زیکری خودا دەکات .

ئیمام پێی گووت : تۆ لە کەیەوە بەو شێوەیە یادی خودا دەکەیت ؟

کابرا ووتی : لەوەتەی خودای بەرز و بڵندم ناسیوە .

ئیمام ووتی : لە پاداشتی ئەو کارەت خودا چی بۆ ئاسان و فەراهەم کردوویت ؟

کابرا ووتی : هەرچی یەکم لە خودا داوا کردبێت بەدەم داواکەمەوە هاتووە ، تەنها یەك شت نەبێت !

ئیما ووتی : ئەو شتە چی یە ؟

کابرا ووتی : زۆر تامەزرۆی بینینی ئەحمەدی کوڕی ( حنبل ) م و لە خوداش زۆر پاڕاومەتەوە کە بگەمە خزمەتی بەڵام هێشتا ئەو ئاواتەم بەدی نەهاتووە .

ئیمام بەسەرسامیەکەوە پێیگووت : ئەمە ئەحمەدی کوڕی حنبلە بەڕاکێشانی لاقی هێنایانە حزمەتی جەنابت !!

م . **عثمان أحمد.بیرکاری**

پرسیار لە پێشەوا ( **أحمد** ) ی کوڕی ( **حنبل** ) کرا ، چ کاتێك مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی دەکات ؟

لەوەڵامدا فەرمووی : کاتێك کە یەکەم پێی دەخاتە ناو بەهەشتەوە .

## فێرخوازی به‌ ئامانج

كاری خوێندكار له‌ فێرگه‌ و جێ زانستدا ، ته‌نها له‌ سێ گۆشه‌ی سه‌عی كردن و تاقیكردنه‌وه‌ و ئاماده‌بوون له‌ وانه‌كاندا خۆی نابینێته‌وه‌ !! به‌ڵكو موسڵمانی خۆناسی خواناس ... ده‌ر و ماڵی ، وته‌ و ئاكاری ، تێكه‌ڵاوی و ته‌نیایی و .. هتد ، هاوتا و یه‌ك ڕه‌نگه‌ ، له‌ بیرمه‌ له‌ زانكۆی سلێمانی خوێندكارێكی خوێن گه‌رم هه‌بوو كاته‌ كانی زانكۆی بۆ ئه‌م به‌شانه‌ دابه‌ش كردبوو ! هه‌ر ئه‌وه‌ش پاڵنه‌رم بوو كه‌ سه‌باره‌ت به‌ ژیانی شتێك بنوسم :

١. وه‌ختی هاتنی كاتی چێشته‌نگاو له‌ مزگه‌وتی زانكۆ نوێژی ( ضحى ) ی ده‌كرد .

٢. نێوان هه‌موو موحازه‌ره‌یه‌كی بۆ بابه‌تێكی عیلمی ته‌رخان كردبوو یاخود دیراسه‌ی ده‌كرد وه‌ یاخود بۆ خه‌ڵكی باس ده‌كرد .

٣. كه‌سێكی كۆمه‌ڵایه‌تی بوو به‌ جۆرێ ده‌رگای ده‌ستگرتن به‌ سوننه‌تی له‌سه‌ر زۆرێك له‌ خوێندكاران ده‌كرده‌وه‌ ، وه‌ كه‌ به‌ ڕێبازی سه‌له‌فی ساڵه‌ح ئاشنا ده‌بوو .

٤. هه‌وڵی ده‌دا له‌ ڕێگه‌ی په‌یدا كردنی چاوگی لێكۆڵینه‌وه‌ ( مصادر البحث ) یان سعی كردن به‌كه‌سانێ كه‌ له‌ بابه‌تی خوێندا له‌ دكتۆری وانه‌كه‌ نه‌ گه‌شتبون ، به‌ده‌وروبه‌ری ئاشنا بێ و له‌و ڕێگه‌یه‌وه‌ خزمه‌ت به‌ ئاینی ئیسلام بكات .

٥. گه‌لێك جاریش به‌ ڕێگه‌وه‌ له‌ ناو زانكۆی سلێمانی سیواكی ده‌كرد ومصحه‌فی به‌ ده‌ستیه‌وه‌ ده‌كرت و ده‌یخوێنده‌وه‌ جگه‌ له‌ سیما جوانه‌كه‌ی كه‌ هه‌یبوو تا به‌ زوبانی حاڵ به‌ خوێندكاران بڵێ گه‌ر پرسیارێكتان هه‌یه‌ بیكه‌ن یاخود شوبهه‌تان لایه‌ بیڵێن خۆ ئه‌گه‌ر وه‌ڵامم لانه‌بێ ، بێ گومان وه‌ڵام دێنمه‌وه‌ بۆ تان .

بێستون : شه‌ریعه‌ی سلێمانی

## گرنگی كرنووش بردن له‌زانستی نوێدا

سه‌ره‌تا كڕنووش بردن له‌ قورئان و سوننه‌تدا ، له‌ قورئانی پیرۆزدا نزیكه‌ی (٩٢) جار له‌میانه‌ی (٣٢) سوره‌تدا باس له‌ كرنووش بردن كراوه‌ ، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ ﴾ ( الفلق : ١٩ ) ، واته‌ كڕنوش ببه‌ ، و له‌خوای گه‌وره‌ نزیك به‌وه‌ . هه‌روه‌ها پێغه‌مه‌ب ﷺ فه‌رموویه‌تی : " أقرَبُ مايكون العَبدُ من ربِهِ وهوَ ساجد "( مسلم ) واته‌ : نزیكترین شوێنی به‌ده‌كان له‌خوداوه‌ بریتی یه‌ له‌كاتی كڕنووش بردن .
له‌ڕووی زانستیه‌وه‌ یه‌كێك له‌و كارتێكه‌رانه‌ی مرۆڤ ڕووبه‌رووی ده‌بێته‌وه‌ بریتیه‌ له‌ بارگه‌ی كارۆ موگناتیسی له‌چه‌ندین سه‌رچاوه‌ی جیاوازه‌وه‌ له‌و ژینگه‌یه‌ی تیدا ده‌ژی ئه‌و بارگانه‌ش كاریگه‌ریان هه‌یه‌ له‌سه‌ر كۆئه‌ندامی ده‌ماری ناوه‌ندی مرۆڤ ( Central Nervous system) به‌تایبه‌تی ناوچه‌ی پێشه‌وه‌ی مێشك یان ناوچاوان ، پیویسته‌ له‌شی مرۆڤ له‌بارگانه‌ خالی بێته‌وه‌ چونكه‌ ده‌بێته‌ هۆی چه‌ندین ناڕه‌حه‌تی و ئێش و ئازار وه‌ك : كرژبوونی شان و مل و ماسولكه‌كانی لاشه‌ به‌گشتی ، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ زۆرێك له‌ خه‌ڵكی به‌تایبه‌تی له‌كۆمه‌ڵگه‌ی رۆژئاوادا په‌ناده‌بن بۆ ماده‌ سڕكه‌ره‌كان ( المخدرات ) وه‌ك ( هیروین و كافائین و ئارتین و ... هتد ) بۆ كه‌م كردنه‌وه‌ی په‌ستان له‌سه‌ر مێشكیان و ڕزگاربون له‌ مێشك هیلاكی و جه‌نجاڵ بوونه‌ ، ئاسانترین ڕێگه‌ كه‌ لێكۆڵینه‌وه‌ زانستیه‌كانی له‌سه‌ر ئه‌نجام درابێ بۆ ڕزگاربوون له‌وبارگانه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌سه‌رمان به‌تایبه‌تی به‌شی پێشه‌وه‌ی بخه‌ینه‌ سه‌رزه‌وی بۆ خالی بوونه‌وه‌ی ئه‌و باررگانه‌ . هه‌روه‌ها خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ خَرُّوا سُجَدًا ﴾ ( السجدة : ١٥ ) واته‌ : بكه‌ونه‌ سه‌ر زه‌وی بۆ كڕنووش بردن به‌وشێوه‌ی سه‌رتان و لووتان بخه‌نه‌ سه‌ر زه‌وی له‌كاتی كرنووش بردندا .

ی. پزیشك : هیمن

## ڕێگام بدە زینا بکەم !!!

ئەمە داواکاری لاوێك بوو وەك هەموو لاوەکانی ئەم سەردەمە بەڵام ئاراستەی کەسێکی ئاسایی نەکرد بەڵکو ئاراستەی پاك ترین و زاناترین کەسی سەر زەوی کرد ئەم داوایەی ئاراستەی پێغەمبەری خوای کرد ﷺ ، پێغەمبەریش بەم شێوەیە وەڵامی لاوەکەی دایەوە کە ئەبو ئومامە ( خوا لێی ڕازی بێت ) بۆمانی ئەگێڕێتەوە : لاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگام بدە زینا بکەم ، هاوەڵانی پێغەمبەریش چون بەگژیا و سەرزەنشتیان کرد و پێیان وت بێدەنگ بە بێدەنگ بە ، پێغەمبەری خوایش ﷺ بەلاوەکەی فەرموو : نزیك بەرەوە لێم ، لاوەکەش زۆر لێی نزیك بویەوە و لە تەنیشتی دانیشت ، پێغەمبەری خوایش بەلاوەکەی فەرموو : ئایە پێت خۆشە کەسێکی تر ئەو کارە ( زینا ) لە گەڵ دایکت بکات ؟ لاوەکەیش فەرمووی : گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نیە ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : بەهەمان شێوە خەڵکیش بۆ دایکیان پێیان خۆش نیە ، پاشان فەرمووی : ئایە پێت خۆشە کەسێکی تر ئەو کارە ( زینا ) لەگەڵ کچەکەت بکات ؟ لاوەکەیش فەرمووی : گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نیە ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : بەهەمان شێوە خەڵکیش بۆ کچەکانیان پێیان خۆش نیە ، پاشان فەرمووی : ئایە پێت خۆشە کەسێکی تر ئەو کارە ( زینا ) لە گەڵ خوشکەکەت بکات ؟ لاوەکەیش فەرمووی : گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نیە ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : بەهەمان شێوە خەڵکیش بۆ خوشکەکانیان پێیان خۆش نیە ، پاشان فەرمووی : ئایە پێت خۆشە کەسێکی تر ئەو کارە ( زینا ) لەگەڵ خوشکی باوك و دایکت بکات ؟ لاوەکەیش فەرمووی : گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نیە ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : بەهەمان شێوە خەڵکیش بۆ پورەکانیان پێیان خۆش نیە ، لە کۆتاییدا پێغەمبەری خوایش دەستی خستە سەر سنگی لاوەکەو فەرمووی : خوایە لە تاوانەکانی خۆش بەو دڵیشی پاك بکەرەوە لەتاوان و لەداوێن پیسی بیپارێزە . لەپاش ئەم گفتوگۆ کورتە ئەم لاوە تا لەژیان بوو لای بۆ هیچ تاوانێك نەکردەوە .

## سودەکانی ئەم فەرمودەیە

١ـ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوی ئەو گرفتانەی لەژیانی ڕۆژانە توشمان ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ قورئان وسونەت بەتێگەیشتنی هاوەڵان ولێکدانەوەی زانایان ئەگەرچی پێغەمبەری خوا لە ژیان نەماوە بەڵام فەرمودەکانی زیندون و زانایانیش میرات گری پێغەمبەرانن .

٢ . پرس کردن بە کەسی زانا بەر لە هەنگاو نان بۆ هەرکارێك بیکەین .

٣ . گەورەیی تاوانی زینا ئەخاتە ڕوو بۆ موسوڵمانان هەروەها ئاگەدار کردنەوەیەکە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ زینا بکەن .

هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرمویێ : ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً ﴾ ( سورة الإسراء : ٣٢ ) .

٤ . ئەوەی نیازی زینای هەیە بە دایك و كچ و خوشك و پور و خزمی خەڵكی !!!! بیر لەوە بكاتەوە كە ڕۆژێك ڕەنگە بە خوشك و كچی خۆیشی بكرێت ئەوجا ئازاری ئەو كارە ئەزانێ .

٥ . چۆن پێمان خۆش نیە زینا بە خوشك و كەسە نزیكەكانمان بكرێت بەهەمان شێوەش خەڵكی پێی خۆش نیە زینا بە كەس و كارەكەی بكرێت بەرلەوەی زینا بەكچ و خزمی كەس بكەیت بیر لەو ڕۆژە بكەرەوە بە خوشك و خزمی خۆت بكرێت حاڵت چۆن ئەبێت ؟

٦ . نەرم و نیانی لە ئاراستەكردنی ئامۆژگاری بۆ ئەو كەسانەی پرسیاری هاوشێوەی پرسیاری لاوەكە دەكەن و ئەیانەوێ تاوان بكەن یان هەڵەیان هەیە .

٧ . پاڕانەوە و دوعای خێر كردن بۆ هەموو ئەو موسوڵمانانەی هان لەسەرەتایی هەنگاونان بۆ تاوان كردن ، بەهەمان شێوە بۆ ئەوانەش نوقمی دەریای تاوانن و تاوان بوەتە بەشێك لە ژیانیان .

٨ . ئەوەی هەڵەیەكی كرد پێویست ئەكات بۆی ڕاست بكەینەوە .

٩ . ئەوەی ویستی هەڵەیەك بكات ڕێگەی نەدەین و ئامۆژگاری ئاراستە بكەین بۆ دور خستنەوەی لەو هەڵەیەی ئەیەوێ بیكات .

١٠ . بەرلەوەی هەنگاو بنێین بۆ زینا كردن ئەبێ بیر لەحاڵی براو باوكی ئەو ئافرەتە بكەینەوە و بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەگەر ڕۆژێ بەسەر خۆماندا هات حاڵمان چۆن ئەبێت ؟

١١ . زینایش جۆری زۆرە لەوانەش زینای چاو تێڕوانینی حەرامە زینای گوێ بیستنی حەرامە بەهەمان شێوە هەموو ئەندامەكانی تری لەش هەمویشی ڕێگا خۆشكەرە بۆ زینای گەورە كە لە قورئاندا سزاكەی باس كراوە كە چەن سەختە .

١٢ . دانپێنانی هەڵە باشترین ڕێگایە بۆ چارە سەركردنی هەڵە وە بڕیاردان بۆ وازلێهێنانی و گوێ گرتن لە ئامۆژگاری بەرامبەر ، هەروەكو هەڵوێست و بڕیاری ژیرانەی ئەو لاوە .

١٣ . مەرج نیە هەموو جارێك هەوڵی دور كردنەوەی خەڵك بدەین لە تاوان بە بیرخستنەوەیان بە ئایەت و فەرموودە ، بەڵكو جاری واش هەیە ئاخاوتنی بیر و هۆش و هزری ڕاچەڵەكێنەری بەرامبەرە لە تاوان .

١٤ . هەوڵی پێغەمبەری خوا بۆ پاراستنی ئوممەتەكەی و هیدایەت دانی سەرلێشواوان .

**م . هاوار عبدالله . كۆمەڵایەتی**

**لە ووتەكانی ( لقمان الحكیم )**

(( الدنيا بحر عريض ، هلك فيه الأولون والآخرون ، فاجعل تقوى الله سفينتك فإن نجوت فبرحمة الله ، وإن هلكت فبذنوبك )) .

**واتە : دونیا دەریایەكی پان و بەرینە ، زۆرێك لە پێشینان و پاشینانیش تێیدا خنكاون ، جا تۆ لە خواترسان بكە بە كەشتیەك بۆ خۆت لەو دەریایەدا ، ئەگەر ڕزگارت بوو بزانە كە ڕەحم و بەزەیی خوایە ، و ئەگەر لەناوچووی بزانە بە هۆی تاوانەكانتەوەیە .**

## بۆ هه‌موو مرواریه خۆپارێزه‌كان

بۆ هه‌موو گه‌وهه‌ریه‌كی به‌نرخ ، بۆ مرواریه خۆپارێزه‌كان ، بۆ ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كه بڕیاریان داوه پۆشاكی شه‌رم و حه‌یا له به‌ر بكه‌ن ، چونكه فه‌رمانی په‌روه‌ردگاریانه ، ئه‌وه‌ش ته‌نها له به‌ر ڕه‌زامه‌ندی ئه‌و ، بۆ ئه‌وه‌ی به به‌هه‌شتی به‌رین شاد بن ... بۆ تۆ خوشكی موسڵمانم : كه پێشه‌وات خێزانه به‌ڕێزه‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوایه ﷺ ، بۆ تۆ كه پابه‌ندی ئایه‌ته پیرۆزه‌كانی قورئانی و فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوایت ﷺ ، نه‌ك پابه‌ندی مۆده و سه‌رگه‌ردانبووی شوێنی ئه‌م و ئه‌و ... بۆ ئه‌و خوشكانه‌م : كه نایانه‌وێ هه‌ڵخه‌ڵه‌تاوی ئه‌و كه‌سانه بن كه به ناو مافه‌كانیانه‌وه ئه‌یانه‌وێ پۆشاكی حیشمه‌تیان له به‌ر ڕامالْن ، ئه‌وه‌ش نه‌ك له به‌ر ئافره‌تان به‌ڵكو له به‌ر تێركردنی ئاره‌زووه گڵاوه‌كانیان ، بۆ ئه‌وه‌ی له كۆتاییدا به‌ڕێزیان وه‌كو گوڵێكی گه‌ڵا هه‌ڵوه‌ریو به جێ بهێڵن !! دوای ئه‌وه‌ی وه‌كو بوكه شووشه‌ی ده‌ستی منداڵان یاری خۆیانت پێ‌ده‌كه‌ن !!! گه‌وهه‌ره به‌نرخه‌كه‌م : ئه‌مه گوڵێكه له باخچه‌ی برایه‌تی بۆتم هه‌ڵبژاردووه ، بۆنی ئامۆژگاری و دڵسۆزی لێ دێت ، به شێوازی ئامۆژگاری دامڕشتووه ، هانده‌ری نووسینی ویستنی خێر خۆشبه‌ختیه بۆ تۆی وه‌ك گه‌وهه‌ری به‌رنرخ و خۆپارێزه ، به‌ڵكو جێگه‌ی بایه‌خپێدانی تۆی به‌ڕێز بێت ، په‌روه‌ردگار پارێزه‌رت بێت ... خوشكه‌كه‌م : لای به‌ڕێزتان شاره‌وه نیه هه‌موو ئه‌و هه‌وڵانه‌ی كه كه‌سانی ئاره‌زوو په‌رست به‌رنامه ڕێژی بۆ ده‌كه‌ن و پیاده‌ی ده‌كه‌ن بۆ له خشته بردنی ئافره‌تی موسوڵمان ، و له ده‌ستدانی حیشمه‌تی ، ده‌بینین هه‌موو ساتێك هاتوهاوارێكه و هه‌موو ڕۆژێكیش مۆده‌یه‌كی نوێیه !!! ده‌بینرێت و ده‌بیسترێت له باسی باڵاپۆشی تۆی بڕوادار له شێوه و شێوازی دوورینیدا ، ئه‌مه‌یان ته‌نك و ناسك !!! ئه‌ویتریان ته‌سك یان كورت !!! یه‌كێكی تریش ڕازاوه و ته‌تریزكراو !!! هه‌موو ئه‌وه‌ش بۆ ڕووشاندنی پاكێتی تۆ ڕۆژ له دوای ڕۆژ ، خوشكانمان به‌وه بزانن یان نه ... سكالای ئه‌و كاره‌ش بۆ لای په‌روه‌ردگار به‌رز ده‌كه‌ینه‌وه ... گه‌وهه‌ره‌ی خۆپارێزم : كار له‌م سنووره‌ش نه‌وه‌ستاوه به‌ڵكو گه‌شتۆته ئه‌وه‌ی كه بگاته حجاب و باڵاپۆشه‌كه‌تان ده‌بینین ده‌ستی خیانه‌تكارانی پێ گه‌یشتوه !!! ئه‌مه‌یان عابای فه‌ره‌نسیه !!! ئه‌ویتریان عابای سه‌رشانه !!! ئه‌وه‌شیان له ناوقه‌ده‌وه ته‌سككراوه‌ته‌وه به گوێره‌ی ناوقه‌ده‌ی خوشكی باڵاپۆشم !!! یه‌كێكی تر ڕه‌نگاوڕه‌نگ و نه‌خشین و ته‌تریزكراوه !!! به‌شێوه‌یه‌ك پۆشینی حیجابیش بۆته باشترین زه‌مینه بۆ پیاده‌كردنی مۆده !!! و ده‌رخستنی جوانیه‌كان !!! جا نازانم كه‌ی خوشكانی باڵاپۆشم هه‌ست به ترسناكی ئه‌و كاره‌یان ده‌كه‌ن ؟! یان به‌وه‌ی ئه‌و پیلانانه هه‌موو بۆ له خشته‌بردن و له‌كه‌داركردنی حه‌یا و شه‌رم و شكۆی ئه‌وانه ؟!! خوشكی خۆپارێزم : كه من ده‌بینم تۆ كه‌وتوویته‌ته تۆڕی ئاره‌زووپه‌رستانه‌وه ، ڕازی نه‌بووم له‌وه‌ی كه تۆ زیاتر بۆ هه‌ڵدێر ببرێیت بۆیه بێده‌نگ نه‌بووم ، به‌ڵام ئایا تۆ هه‌ستت به‌وه كردووه كه تۆی به‌ڕێز كه باڵاپۆشه‌كه‌ت پۆشیوه كه په‌رستشێكه بۆ

پەروەردگارت و بەهۆیەوە لە پەروەردگار نزیک دەبیتەوە ؟! چونکە کردەوەکەت وەڵامدانەوەی فەرمانی پەروەردگارتە ، بەڵکو دەبێت ئەوەشت لا ئاشکرا بێت کە هەر ناڕەحەتیەکت تووشبێت بەهۆیەوە لە بەرامبەری پاداشت دەدرێتەوە ، جا خۆشبەختی بۆ ئەو خوشکانەی کە بەو شێوە دید و چاوپۆشنن و بالاپۆشی حیشمەت و حەیایان پۆشیوە و بەو شێوەیەشە کە پەروەردگاریان فەرمانی پێکردوون ، نەک بەپێی مودە و ئارەزووی ئارەزووپەرستان و چەواشەکاران ... گەوهەری گرانبەها : دەبێت تۆ بزانیت بالاپۆشەکەت ئەوەیە کە دەتپارێزێت لە چاوی نامەحرەم و جوانیەکانت دەرناخات ، بۆ ئەوەی وەکو مرواریەکی پارێزراو بیت لە ناو بالاپۆشەکەتدا ، وە بالاپۆشەکەشتە هۆکاری بەرزی و بڵندیت لە دونیا و دواڕۆژدا ، ئەوەش بۆ ئەوەیە بەوەوە جیابکرێتەوە لە هەموو ئافرەتانی تر ، وە تەنها بالاپۆشەکەشتە لە چاوی گورگە برسیەکانی مرۆڤ ، کە هەموو کۆششێکیان ڕووشاندنی شەرم و شکۆی شکۆدارانە ، بۆیە گەوهەرەی بەنرخ و مرواری خۆپارێز هەوڵی ئەوە بدە کە بالاپۆشەکەت ئەم مەرجانەی تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەم پەرستشەت وەکو هەموو پەرستشەکانی ترت تێروتەسەل و بێ کەم و کوڕی بێت :

١. داپۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت ...

٢. نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شۆرەت بێت ...

٣. ئەبێت ئەستوور بێت و ناسک نەبێت ، بە شێوەیەک ڕەنگی پێست دەرنەخات ...

٤. دەبێت فراوان بێت و تەسک نەبێت : واتە : بە شێوەیەک بێت قەبارەی ئەندامەکانت دەرنەخات ...

٥. نابێ بخورکراو و بۆن خۆش کراو بێت ...

٦. نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی پیاوان بێت ...

٧. نابێت پۆشاکەکەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی بێ باوەڕان بێت ...

٨. نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بێت .

لە کۆتایشدا پێت دەڵێم بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت و نەکەی ببیت بە قوربانی شەیتان ، و ئەویش بتکاتە فاکتەری لە خشتەبردنی کەسانی تر ، مردن و ئازارەکانی گیان کێشان بخە پێش چاوی خۆت ، و تاریکی گۆڕ هەرگیز لەیاد نەکەی ، لەو ساتانەی جگە لە کردەوەکانی خۆت نەبێت هیچ هاوەڵ و هاودەمێکت نیە ، وە بەردەوام یادی دواڕۆژ بکەرەوە کە چەند سەخت و دژوارە ، بیر لەوەش بکەوە کە دەبێت ڕۆژێك بە سەر پردی سیڕاتدا بڕۆیت ، ڕۆژێکیش دێت کە نامەی کردەوەکان بلاودەکرێتەوە کەسێك بەدەستی چەپ و ئەویتریش بە دەستی ڕاست ... لەو کاتانەدا پەشیمانی دادت نادات ، گریانیش هیچ سودێکی نیە کۆمەڵانێك بۆ دۆزەخ دەڕۆن و کۆمەڵانێکیش بۆ بەهەشتی بەرین، خوای پەروەردگار پارێزەرت بێت لە هەموو خراپە ودژواریەکی دنیا ودواڕۆژ .

م . عدنان بارام . عربی

## میراتی ئافرەتان لە ئیسلامدا

مەسـەلەی میراتـی ئـافرەت یەکێکـە لـەو مەسـەلانەی کـە نـەیارانی ئـایینی ئیـسلام بـە حیسابی خۆیـان کردوویانـە بـە بەڵگـەی بـە کـەم سـەیرکردنی ئیـسلام بـۆ ئـافرەت ، بێگومـان ئـەو کەسانە بە هەڵـە تێگەیشتوون ، هۆکاری ئەو بە هەڵـە تێگەشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کـە ئـەو کەسانە ئەو ئایەتەی قورئانیان بیستووە کە خوای گـەورە دەفەرموێت : ﴿ للذكر مثل حظ الأنثـيين ﴾ ( النساء : ١١ ) . واتە : بۆ نێرینە دوو هێندەی مێینە هەیـە . ئـیتر هـاتوون ئـەم ئایەتـەیان کـردووە بـە ڕێسایەکی گشتی و بەسـەر هـەموو ئـەو حاڵەتانـەدا گـشتگیریان کـردووە کـە تێیـدا ئـافرەت میراتـی وەردەگرێـت ، بێگومـان ئـەم کارەیـان هەڵەیـەکی گەورەیـە چـونکە ئـەو کەسـانە دەبوایـە سـەرنجی هـەموو ئـەو ئایەتانـەیان بدایە کە لـەبارەی میراتی ئافرەتـەوە دابـەزیون ، پاشـان ئایەتـەکانیان لەگـەڵ یەکتردا بەراورد بکردایە ، بێگومان ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوت کە ئیسلام بە دادپەروەرانەترین شێواز بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کردووە بە پێچەوانەی یاسا مرۆڤکردەکانەوە ( القوانين الوضـعية ) کە بە هـیچ شـێوەیەك نـەیانتوانیوە و ناشـتوانن بـەو شێوەیە حـەقی میراتگری بە ئـافرەت بدەن ، بـەڵام ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیسلام ستەمی لە ئافرەتان کردووە کەسانێکن لە بیانوو دەگەڕێن و نایانەوێ ڕاستیەکان بـزانن یـان دەیـزانن بـەڵام لـە خـەڵکی دەشارنەوە ، بۆیە ئێمەش هەوڵمان داوە لەم چەند دێڕەدا وەڵامێکی کـورت و پـوختی ئـەو کەسـانە بدەینەوە و بیسەلمێنین کە ئیسلام دینێکی تەواو و بێ خەوشە .

## حاڵەتەکانی میراتگری ئافرەت لە ئیسلامدا

خوێنـەری بـەڕێز : لێرەدا تـەنها باسـی چـەند حاڵەتێك دەکەین لەو حاڵەتانە ئەمەش بۆ ئـەوەی ڕوونی بکەینەوە کە نێرینە لـە هـەموو حاڵەتێکدا دوو ئەوەندەی مێینە نابات ، بەڵکو جاری واهەیە مێینـە دوو ئەوەنـدەی نێرینـە دەبات و جاری وا هەیـە بـە یەکسانی مـیرات دەبـەن و جـاری واش هەیە مێینە میرات دەبات و نێرینە نایبات ، بۆیە حاڵەتەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە :

١ . لـەم حاڵەتـەدا نێرینـە دوو هێنـدەی مێینـە دەبات ئەمەش کاتێك دەبێت کە پیاوێك بمرێت و تـەنها کـوڕ و کچ وەکو میراتگر لـەدوای خـۆی بـە جێ بهێڵێت وەکو خـوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ للذكر مثـل حـظ الأنثـيين ﴾ ( النسـاء : ١١ ) . حیکمەتەکەشـی لەوەدایـە کـە ئیـسلام ڕەچـاوی پێویستی هەریەکە لە نێرینە و مێینەی کردووە و هەندێك مافی بە پیاو داوە و ئەرکیشی لەسـەر دانـاوە بـەڵام ئـافرەتی لـە زۆر لـەم ئەرکانـە بەخشیوە بۆ نموونە کاتێك کچ بێت باوك یان برا بەخێوی دەکات ، وە کاتێك مێردبکات مێردەکەی بەخێوی دەکات بەڵام بە پێچەوانەوە نێرینە تاکو گـەنج بێـت دەبـێ سـەرمایە کۆبکاتـەوە بـۆ پێکـەوەنانی خێـزان ، وە کـاتێکیش خێـزان پێکـەوە دەنێـت دەبێـت بـژێوی خێـزان و منـداڵ بـدات ، ئایـا لـەم حاڵەتـەدا دادپەروەرییـە هـەردووکیان وەکویـەك مـیرات ببـەن لـە کاتێکدا

ئەركی سەرشانی پیاو زۆر قورسترە وەك لە هی ئافرەت ؟!!!

٢ . خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ و لأبويه لكل واحد منهما السدس مما ترك إن كان له ولد ﴾ ( النساء : ١١ ) . واتە : ئەگەر مردووەكە منداڵی لە پاش بەجێمابوو ئەوە باوك و دایكی ( مردووەكە ) هەریەكێكیان شەشیەك ( ١ / ٦ ) ی دەبەن لەوەی كە ( مردووەكە ) بەجێیهێشتووە لە ماڵ و سامان .

لەم حاڵەتەدا دەبینین باوك و دایك وەكو یەك میرات دەبەن بە بێ ڕەچاوكردنی مێینایەتی و نێرینایەتی .

٣. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ و إن كان رجل يورث كلالة أو امرأة و له أخ أو أخت فلكل وحد منهما السدس ﴾ ( النساء : ١٢ ) . واتە : ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مردوو نە باوكی هەبوو نە منداڵ و برایەك یان خوشكێكی دایك و باوكی هەبوو ، ئەوە هەریەكێكیان شەشیەكی ( ١ /٦ ) ی بۆ هەیە .

لەم حاڵەتەشدا دەبینین خوشك و برای دایكی وەكو یەك میرات دەبەن و یەكسانن .

٤ . خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فإن كن نساء فوق اثنتين فلهن ثلثا ما ترك ﴾ ( النساء : ١١ ) .

واتە : ئەگەر دوو ئافرەت و زیاتر بوون ئەوە دوو سێیەك ( ٢ / ٣ ) ی ئەوەی مردووەكە بەجێی هێشتووە بە میراتدەگرن ، بۆ نمونە : ئەگەر پیاوێك مرد و ژنێك و كچێك و برایەكی لە پاش بەجێما ، میراتەكەی بەم شێوەیە دابەش دەكرێت : ژنەكەی هەشتیەك ( ١ / ٨ ) وەردەگرێت ، دوو كچەكەی دوو سێیەك وەردەگرن ( ٢ / ٣ ) ، برای مردووەكەش كە دەكاتە مامی كچەكان ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتیەكە بۆ ئەو دەبێت كە دەكاتە ( ٥ / ٢٤ ) ، لێرەدا هەریەكێك لە كچەكان نزیكەی دوو قاتی مامیان وەردەگرن ، واتە لێرەدا مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە وەردەگرێت ! ( فهل من مدَّكر ) .

٥ . ﴿ و إن كانت واحدة فلها النصف ...﴾ ( النساء : ١١) . واتە : وە ئەگەر كچە میراتگرەكە هەر یەكێك بوو ئەوە نیوەی میراتیەكە هی ئەوە .
بۆ نمونە : ئەگەر ژنێك مردوو كچێك و مێردەكەی لە پاش بەجێما ، ئەوە كچەكە نیوە ( ١ / ٢ ) ی میراتیەكە دەبات ، مێردەكەشی كە دەكاتە باوكی كچەكە چواریەك ( ١ / ٤ ) دەبات .

كەواتە لێرەشدا مێینە كە كچێكە دوو ئەوەندەی نێرینەیەك دەبات كە باوكیەتی .

لە پاش باسكردنی هەندێك لە حاڵەتەكان دەركەوت كە ئەوەی نەیارانی ئایینی ئیسلام پێیان وابوو بنچینەیەكی گشتی میراتگرتنی ئافرەتە ﴿ للذكر مثل حظ الأنثيين ﴾ وا نیە و ئەوان بە هەڵە لێی تێگەیشتوون .

## ئەنجام

لێرەدا بە كورتی خشتەیەكی بیركاریانەتان بۆ دەخەینە ڕوو سەبارەت بە میراتی ئافرەت لە ئیسلامدا :

١ . تەنها لە چوار حاڵەتدا ئافرەت نیوەی پیاو دەبات لە سەرجەم مەسەلەكانی میراتدا .

٢ . لە چەندین حاڵەتدا ئافرەت و پیاو بە یەكسانی میرات دەبەن وەكو پێشتر باسمان كرد .

٣ . لە دە ( ١٠ ) حاڵەت یان زیاتریشدا ئافرەت لە پیاو زیاتر میرات وەردەگرێت .

٤ . چەند حاڵەتێکیش هەن کە تێیدا ئافرەت میرات دەبات بەڵام پیاوانی هاوتای وەکو ( خوشك و برا ، نەنك و باپیر ) میرات نابەن .

**کۆتایی**

پاش ئەم توێژینەوە کورتە بۆمان دەرکەوت کە ئاینی ئیسلام تەواو و بێ هەڵەیە و لە هەر لایەنێکەوە تۆمەتی ئاراستە بکرێت بە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنەوە کامڵی و بێخەوشیەکەی زیاتر و زیاتر جێگیر دەبێت و نەیارانی ئەم دینە حەقەش تەنها ڕیسوایی و ڕوو ڕەشییان بۆ دەمێنێتەوە .

**إدريس محمود : سلیمانی .ك. یاسا**

## کۆرپەلەزانی لە ژێر ڕوناکی قورئانوسوننەت

الحمد لله والصلاه والسلام على رسول الله (ﷺ)

أما بعد : یەکێکی تر لە دروستکراوەکانی خوا ( عز و جل ) مرۆڤە کە زۆر ئیعجازی تێدا بەدی دەکرێت ، خـــوای گــــەورە ئەفــــەرموێت ( وفی خلقكـــم وماتبصرون ) . لێرەدا تیشکێك لە نوری ئیعجازی قورئانی دەخەینە سەر قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ لە سکی دایکیدا کە بە کۆرپەلە ناودەبرێت ،سەرەتایی ترین قۆناغی کۆرپەلە قۆناغی یەکگرتنی هەردوو( تۆو ) و ( هێلکە ) یە ، بۆ دروستکردنی هێلکەی پیتراوە (zygote) ، کە قوناغەکانی تر لەم هێلکە پیتراوە دەست پێ دەکات، ئەوەی شایەنی باسە (٥٠٠ ــ ٦٠٠) ملیۆن (تۆو) پێشبرکێ دەکەن بۆ گەیشتن بە هێلکە ، کە تەنها یەکێکیان دەتوانێ بگاتە هێلکە ، هەروەها لە ماوەی مانگێکدا هەزاران هێلکەی پێکەیشتووی لێوە دروست دەبێت . ئەم ڕاستیەش لە فەرموودەیەکی پێغەبەری خۆشەویست دەردەکەوێت کە دەفەرموێت : " مامن كل الماء یكون الولد " ( رواه مسلم ) ، واتە : لە هەموو ئاوەکەوە منال دروست نابێت . وە قورئانی پیرۆز لەسەر بنەمای ( ناونان ) قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلە روون دەکاتەوە ، وەك قۆناغەکانی ( نطفة ) واتە ئاوێکی کەم ، ( علقة ) واتە هەڵواسراو یان خوێنی وەستاو ، ( مضغة ) واتە جوڕاو ( گۆشتپارە ) ، ( عظام ) واتە ئێسك ، ( كساء العظام باللحم ) واتە داپۆشینی ئێسکەکان بە گۆشت ، " النشاة خلقا اخر " . کە ئەم ناوانە زانستی پێشکەوتوو بە تەواوی دەیان سەلمێنێت . هەموو ئەم قۆناغانەش لەم ئایەتەی خوای گەورە هاتووە و " دواتر ( نطفة )مان کردووە بە خۆ هەڵواسراوێك ، ئینجا خۆهەڵواسراوەکە مان کردوە بە گۆشتپارەیەك ( جوڕاو ) ، ئینجا گۆشتپارەمان کرد بەئێسقان ، ئینجا بەگۆشت پەیکەری ئێسکمان داپۆشیوە ، دواتر شێوەیەکی تر دەرمان هێناوە ( کە شێوەی مرۆڤێکی تەواوە ) بەراستی خوای گەورە پیرۆزە و چاکترین دروست کارە " ( المؤمنون : ١٤ ) .

**کاروان باقی. سلیمانی. پ.عەرەبی**

**لە ئەدەبی هاوەڵان**

**پرسیار لە ( عباس ) کرا رضي الله عنه : تۆ گەورەی یان پێغەمبەری خوا ﷺ ؟**

**لە وەڵامدا فەرمووی : ئەو لە من گەورەترە بەڵام من پێش ئەو لە دایك بووم .**

# چۆنێتی دەستنوێژ

**١ ـ دەستنوێژ بریتیە** : لە بەکار هێنانی ئاوی پاك بەسەر چەند ئەندامێکی دیاری کراودا ، کە خوای پەروەردگار دیاری کردوون ، وپێغەمبەری خواش ﷺ بۆی ڕوون کردووینەتەوە ، پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ ﴾ (سورة المائدة : ٦) .

واتە : ئەی بڕواداران ئەگەر هەستان بۆ نویژ ، ئەوا ڕوومەتتان بشوەن لەگەڵ هەردوو دەستان تاکو ئانیشکەکانتان ، و دەستیش بهێنن بەسەرتاندا ، و قاچەکانیشتان تاکو قاپەڕەقەتان بشوەن .

**٢ ـ موسڵمانی بەڕێز** : ئەگەر هەستای بۆ دەستنوێژ شوشتن ئەوا نیازی ئەو کارە لە دڵتدا بهێنە ، بێ ئەوەی بە زمان بیلێیت ، لە بەر نەهاتن و وارد نەبوونی بەڵگە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لە سەر ئەو کارە ، پاشان ناوی خوا بهێنەو بڵێ : ( بسم الله ) (صحيح الجامع : ٧٤٤٤) .

**٣ ـ** پاشان هەردوو دەستت سێ جار بشوە ، و پاش ئەوەش سێ جار ئاو بدە بە دەمتدا ، پاشان سێ جار ئاو بە لووتتدا بدە و هەڵیشی مژە ، ئەم کردارەش بەدەستی ڕاست دەبێت ، و لە هەموو جارێکیش دا هنگی بکەوە ، کە ئەمەشیان بەدەستی چەپ ئەنجام دەدرێت .

**٤ ـ** پاشان ڕوومەتت سێ جار بشوە ، پاشان سێجار هەردوو دەستت تا ئانشکەکانت بشوە .

**٥ ـ** پاشان جارێك هەردوو دەستت بە سەر هەموو سەرتدا بهێنە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ ، پێغەمبەری خواش ﷺ چۆنێتی ئەم دەست بە سەردا هێنانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە ، هەروەکو دەگێڕنەوە : " أن النبيَّ ﷺ مسح رأسهُ بيديه فأقبل بهما و أدبر ، بدأ بِمُقدَّم رأسه ثم ذهب بهما إلى قفاه ، ثمَّ ردَّهما إلى المكان الذي بدأ منه " (متفق عليه) ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەستی هێنا بە سەریدا لە پێشەوە دەستی پێکرد تاکو کۆتایی ، واتە لە پێشەوەی سەری دەستی پێکرد تاکو گەیاندنی بە پشتی سەری ، پاشان گەڕاندنیەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستی پێکردبوون .

**٦ ـ** پاشان دەست بهێنە بەگوێکانت دا ، حوکمەکەشیان هەمان حوکمی سەرە ، چونکە بەشێکن لێ ی ( صحيح الجامع : ٢٧٦٢ ) .

**٧ ـ** پاشان هەردوو پێت سێ جار بشووە ، سوننەتیشە پەنجە تووتەی دەستی چەپت بخەیتە ناو پەنجەکانی پێتەوە لەکاتی شووشتنیادا .

**٨ ـ** ئا بەم شێوەیە هەمووی بە تەرتیب و یەك لەدوای یەك پێکەوە ئەنجام دەدەیت ، واتە : بەدوای یەکدا شووشتنی ئەندامەکانی دەستنوێژ بێ ئەوەی ماوەیەکی فراوانیان بکەوێتە نێوان شووشتنی ئەندامێك لە گەڵ ئەندامەکەی تردا ، سوننەتیش وایە لە هەموو ئەمانەدا بە ئەندامی ڕاستە دەست پێ بکەیت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە دایکە (عائشة) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ بۆمان دوگێڕێتەوە (متفق عليه) .

**٩ ـ** سوننەتیش وایە ئاو کەم بەکار بهێنریت ، وزیاد ڕەوی تێدا نەکرێت ، ئەنجامدانی کردارەکانی دەستنوێژ یەکجار یەکجار ، ودووجار دووجار ، وسێ جار سێ جاریش لەپێغەمبەری خواوە ﷺ واردە (رواه البخاري) .

**١٠ ـ موسڵمانی بەڕێز** : سوننەتیش وایە ـ دوای تەواو کردنی دەستنوێژەکەت ـ ئەم زیکرە بڵێیت : " أشهدُ أن لا إله إلا الله ، وأنَّ محمداً عبدُ الله و رسوله ، ثم تصلي ركعتين ، دون أن تحدِّث بهما نفسك " (رواه مسلم) ، واتە : شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت ئیللا (الله) نەبێت ، وهیچ کەسێکیش نیە شایستەی شوین کەوتن بێت ئیللا پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ (محمد) یش بەندە ونێرراوی خوای پەروەردگارە ، پاشان دوو ڕکات نوێژ دەکات ، کە نوێژی دەست نوێژی پێ دەووترێت .

**زانست**

## بۆچی ئیمامی عومه‌ر (رضي الله عنه) پرسیار له‌ منداڵكه‌ ده‌كات ؟

ابـن عبـاس (رضي الله عنه) ده‌ڵـی : عومـه‌ر (رضي الله عنه) عـاده‌تی كردبوو كه‌ دایده‌نیشاندم له‌گه‌ڵ ئه‌و پیاوه‌ به‌ته‌مه‌نانه‌ی كه‌ له‌شه‌ڕی به‌دردا جه‌نگابوون .

هه‌ندێكیان هه‌ستیان به‌وه‌ كرد ( حه‌ز له‌ ئه‌وه‌ ناكه‌ن ) و بـه‌ عومـه‌ریان ووت (رضي الله عنه) : بـۆ چـی ئـه‌م كـوڕه‌ ده‌هێنێتـه‌ ژووره‌وه‌ له‌گـه‌ڵمان دانیـشێت له‌كاتێكـدا ئێمه‌ش كوڕی وه‌ك ئه‌ومان هه‌یه‌ ؟

عومه‌ر (رضي الله عنه) وه‌ڵامی دانه‌وه‌ : هه‌روه‌ك ده‌زانن له‌به‌ر پله‌كه‌یه‌تی ( زانیاریه‌ ئاینییه‌كانیه‌تی ) !!

ابـن عبـاس (رضي الله عنه) ده‌ڵـی : ڕۆژێكیـان عومـه‌ر (رضي الله عنه) بـانگیكردم و داینیـشاندم لـه‌ كۆبوونه‌وه‌یـه‌كی ئـه‌و خه‌ڵكـه‌دا ( ئه‌و پیاوه‌ به‌ته‌مه‌نانـه‌ی كه‌ له‌شـه‌ڕی به‌دردا شـه‌ریان كردبـوو ) و وابـۆی ده‌چـم كـه‌بانگیكردم تـه‌نها بۆئه‌وه‌ی زانیاریه‌ ئاینییه‌كانمیان پیشان بدات !!

عومه‌ر (رضي الله عنه) پرسیاری لێكردن : چی ده‌ڵێن له‌باره‌ی ته‌فسیری فه‌رمووده‌ی خوا : ﴿ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ ﴾ ؟

هه‌نـدێكیان ووتیـان : ئـه‌مرمان پـێ كـراوه‌ ستایـشی خـوا بكـه‌ین و داوای لێخوشـبوونی لی بكـه‌ین كاتیـك یارمـه‌تی خـوا و فـه‌تح كردنـی مه‌ككه‌مـــان به‌نـسیب ده‌بێت ( بۆ دێت ) .

هه‌ندێكی تریان بێده‌نگ بوون هیچیان نه‌ووت .

ابن عباس (رضي الله عنه) ده‌ڵی: به‌مه‌ عومه‌ر (رضي الله عنه) پرسیاری لێكردم : ئه‌ی ابن عباس تۆش هه‌مان شت ده‌ڵێی ؟

ابن عباس (رضي الله عنه) ده‌ڵی : وه‌ڵامم دایه‌وه‌ : نه‌خێر !!

عومه‌ر (رضي الله عنه) ووتی : ده‌ی تۆ چی ده‌ڵێی ؟

ابـن عبـاس (رضي الله عنه) ده‌ڵـی : منـیش وه‌ڵامـم دایـه‌وه‌ : ئه‌وه‌ نیشانه‌ی مردنی پێغه‌مبه‌ری خوایه‌ (ﷺ) كه‌ خوا لێی ئاگاداری ده‌كاته‌وه‌ ، خوا ده‌فه‌رموێت : ﴿ إِذَا جَـــاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَـــتْحُ ﴾ ، به‌مه‌ عومه‌ر (رضي الله عنه) ووتی: لـه‌وه‌ی كه‌تۆ ووتت زیاتر ، من هیچی له‌باره‌وه‌ نازانم .

## Why Imam 'Umar (رضي الله عنه) asks the child?

Ibn Abbas (رضي الله عنه) says: 'Umar (رضي الله عنه) used to make me sit with the elderly men who had fought in the Battle of Badr.

Some of them felt it (did not like that) and said to 'Umar (رضي الله عنه) "Why do you bring in this boy to sit with us while we have sons like him?"

'Umar (رضي الله عنه) replied, "Because of what you know of his position (i.e. his religious knowledge.)"

Ibn Abbas (رضي الله عنه) says: One day 'Umar (رضي الله عنه) called me and made me sit in the gathering of those people (the elderly men who had fought in the Battle of Badr); and I think that he called me just to show them my religious knowledge.

'Umar (رضي الله عنه) asked them: "What do you say about the interpretation of the Statement of Allah:'When comes Help of Allah (to you O, Muhammad against your enemies) and the conquest (of Mecca).'

Some of them said, "We are ordered to praise Allah and ask for His forgiveness when Allah's Help and the conquest (of Mecca) comes to us."

Some others kept quiet and did not say anything .

Ibn Abbas (رضي الله عنه) says: On that , ' Umar (رضي الله عنه) asked me , " Do you say the same , O Ibn ' Abbas?"

Ibn Abbas (رضي الله عنه) says: I replied, "No."

'Umar (رضي الله عنه) said, 'What do you say then?"

Ibn Abbas (رضي الله عنه) says: I replied, "That is the sign of the death of Allah's Apostle (ﷺ) which Allah informed him of. Allah said:'(O Muhammad) When comes the Help of Allah (to you against your enemies) and the conquest (of Mecca) (which is the sign of your death). You should celebrate the praises of your Lord and ask for His Forgiveness, and He is the One Who accepts the repentance and forgives.'

On that 'Umar (رضي الله عنه) said, "I do not know anything about it other than what you have said."

E . رزگار محمد . م